ئیبن عەباس وموحەمەدی کوڕی حەنەفیە پرسیاریان لێکرا: ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هیچ شتێکی تری جێهێشت؟ ووتیان: هیچ شتێکی تری جێنەهێشت جگە لەوە نەبێت کە لە نێوان دوو بەرگەکەدایە

لە عبد العزیزی کوڕی ڕوەیفیعەوە دەڵێت: من وشەدادی کوڕی مەعقیل چووین بۆ لای ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت-، شەدادی کوڕی مەعقیل پێی ووت: «ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هیچ شتێکی تری جێهێشت؟»، ووتی: «هیچ شتێکی تری جێنەهێشت جگە لەوە نەبێت کە لە نێوان دوو بەرگەکەدایە (قورئان)»، دەڵێت: وچووین بۆ لای موحەمەدی کوڕی حەنەفیە، (هەمان) پرسیارمان لێیکرد، ووتی: «هیچ شتێکی تری جێنەهێشت جگە لەوە نەبێت کە لە نێوان دوو بەرگەکەدایە (قورئان)».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

دوو تابیعی بەڕێز بە ناوەکانی عبد العزیزی کوڕی ڕوەیفیع وشەدادی کوڕی مەعقیل چوون بۆ لای ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت-، شەدادی کوڕی مەعقیل پێی ووت: ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هیچ شتێکی تری جێهێشت لە پاش مردنی؟، ئیبن عەباس وەڵامی دایەوە، ووتی: هیچ شتێکی تری جێنەهێشت لە پاش خۆی جگە لەم قورئانە نەبێت کە لە نێوان دوو بەرگەکەدایە، وچوون بۆ لای موحەمەدی کوڕی حەنەفیە وهەمان پرسیاریان لێیکرد، ئەویش هەمان وەڵامی دایەوە. وئەم فەرموودەیە مەزهەبی شیعەی ڕافیزە پوچەڵ دەکاتەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە قورئان بە ڕووتی ئیمامەتی -پێشەوایەتی- تێدا باسکراوە، بەڵام هاوەڵان ئەمەیان شاردووەتەوە !!، ئیبن عەباس کوڕی مامی ئیمامی عەلیە، وموحەمەدی کوڕی حەنەفیە کوڕی ئیمامی عەلیە -ڕەزای خوای لێبێت-؛ وهۆکاری ئەم ناوەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چونکە دایکی ناوی خەولەی کچی جەعفەری حەنەفیە بوێە بەم ناوە ناسراوە، وهەردوویان زۆرترین ماوەیان بەسەر بردووە لەگەڵ ئیمامی عەلیدا ئەگەر ئەوەی شیعەی ڕافیزە بانگەشەی بۆ دەکەن هەق وڕاستی بێت؛ ئەوا ئیبن عەباس وموحەمەدی کوڕی حەنەفیە لە هەموو کەس زیاتر مافی ئەوەیان هەبوو پێی بزانن، ونەیاندەتوانی بیشارنەوە، بەڵکو تەنانەت هەمان شت لە ئیمامی عەلیەوە هاتووە -ڕەزای خوای لێبێت-.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10838